Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.24.11C14

# سیمیۆلۆژیای کات لە شیعری (مینە جاف)دا

**مەریوان حەمەکەریم احمد، ئەکرەم عەباس خورشید**

بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی گەرمیان، هەرێمی کوردستان – عێراق

**Article Info**

| | |
|---|---|
| Received: | September, 2023 |
| Revised: | February, 2024 |
| Accepted: | March, 2024 |

**Keywords**

سیمیۆلۆژیا، کات، شیعر، مینە جاف

**Corresponding Author**

Mariwan.hama@garmian.edu.krd
Akram.abnas@garmian.edu.krd

**پوختە:**

(سیمیۆلۆژیا) ئاماژە، یاخود نیشانە، لە ڕەخنەی هاوچەرخدا پێگە و ڕۆڵی بەرچاوی خۆی هەیە، هۆکاری ئەم ڕۆڵە گرنگەی ئەم زانستەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە فرە ڕەهەندە و پەلوپۆی بۆ زانستەکانی تریش هاویشتووە، هەروەها ئەرکێکی گرنگی هەیە لە بونیادنانەوەی واتای دەقدا، واتا وەکوو فۆرم و سیما و دیوی دەرەوە ناڕوانێتە دەقی ئەدەبی، بەڵکوو شۆڕدەبێتەوە بۆ قوڵایی دەقەکان و لە وێوە کار لە سەر ئاشکراکردنی واتای شاراوە دەقەکان دەکات.

سیمیۆلۆژیا، لە پێناوی بەدەستهێنانی واتادا هەوڵی ئەوە ئەدات، کە قاڵبی فۆرمی وشە و ڕستەکان تێکبشکێنێت، بۆیە سیمیۆلۆژیای کاتیش وەك بەشێك لە لایەنە فرەڕەهەند و گشتییەکەی سیمیۆلۆژیا هەمیشە لە هەوڵی ئەوەدایە، کە سنوری ئەو وشە و ڕستانە ببەزێنێت، کە پەیوەندییان بەکاتەوە هەیە، بۆ ئەوەی لەم ڕێگەیەوە ڕاڤەی نوێ ببەخشێت بە ئەو دەقانەی، کە لە ژێر هەژمونی کاتدان.

ئەم توێژینەوەیە، بە ناونیشانی (سیمۆلۆژیای کات لە شیعری (مینە جاف[1])دا) هۆکاری هەڵبژاردنیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە تاکوو ئێستا هیچ کارێک لەسەر کات لە شیعری ئەم شاعیرەدا نەکراوە. ئامانج لەم توێژینەوەیە قوڵبوونەوە و دەستنیشانکردن و ڕاڤەکردنی (دال) و (مدلول)، نیشانە و نیشانەبۆکراو لە شیعرەکانی شاعیردا. لە نووسینی ئەم توێژینەوەیدا سود لە چەند میتۆدێکی وەکوو (سیمیۆلۆژیا، وەسف و شیکاریی) وەرگیراوە. توێژینەوەکە دوو بەشی سەرەکی لەخۆگرتووە، هەرچی بەشی یەکەمە بۆ لایەنی تیۆریی تەرخانکراوە و تێیدا باس لە چەمك و پێناسەی سیمیۆلۆژیا و سیمیۆلۆژیای کات و مێژووی سەرهەڵدانی سیمۆلۆژیا و کات کراوە، بەشی دووەمیش بۆ سیمیۆلۆژیای کات لە شیعرەکانی مینە جافدا تەرخانکراوە، دواتریش گرنگترین ئەنجامەکان و لیستی سەرچاوەکان و پوختەی توێژنەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە ڕوو.

## پێشەکی:

### بەشی یەکەم:

### چەمك و پێناسەی سیمیۆلۆژیا:

سیمیۆلۆژیا، یاخود زانستی نیشانە (علم السیمائیة. السیمیاء) لە سەردەمی ئێستادا بۆ خۆی زانستێکی سەربەخۆیە، لە ڕووی واتاییەوە وشەیەکی لێکدراوە، کە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە (کە ئەویش (semio)، کە بەواتای نیشانە دەگەیەنێت و (logoe)، کە بە واتای زانست، یاخود گوتار دێت.)(الاحمر،٢٠١٠: ١١)، بنەڕەتی وشەی (semio)ش بۆ زمانی لاتینی دەگەڕێتەوە (کە لە بنەڕەتدا لە وشەی (semeion)ی زمانی یۆنانییەوە وەرگیراوە، کە بە واتای نیشانە دێت.)(المرابط،٢٠١٠: ١٧)، (فێردیناند دی سوسێر) (یەکەم کەس بوو، کە زاراوی سیمیۆلۆژیای بۆ ئەم زانستە داناوە.)(https://www.asjp.cerist.dz/en/downArticle/359/7/1/25254)، عەرەبەکانیش سەبارەت بە واتای (سیمیاء) دەڵێن (السما و السومة و السیم و سیمیاء بەواتای نیشانە دێن.)(ابن منظور،نییە : ٢١٥٨-٢١٥٩)، لە قورئانی پیرۆزیشدا خوای گەورە دەفەرمێت (سیماهم في وجوههم من أثر السجود.)(سورة الفتح، الآیة :٢٩)، واتا لە دەرئەنجامی کڕنوشبردندا، نیشانەی ناوچاوانیان دیارە.

[1] (محمد امین کریم بەگی فەتاح بەگی حەمە پاشای جاف)، نازناوی مینە جافە، لە ساڵی ١٩١١ ز لە قەڵای شێروانە لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٥ز لە شاری بەغداد کۆچی دوای کردووە و لە گۆڕستانی سەید خەلیل نێژراوە. بڕوانە (جاف، ١٩٩٠: ٣)

چەمکی سیمۆلۆژیاش بەواتای ئەو زانستە دێت، کە (بەدوای سیستەمی پەیوەندییەکاندا دەگەڕێت، جا، چ ئەو پەیوەندییانە پەیوەندیی زمانەوانی بن، یان پەیوەندیی نیشانە و جۆڵەیی بن، بۆیە ئەگەر لە بواری زمانەوانیدا لێکۆڵینەوە دەربارەی سیستەمی زمانەوانی ئەنجام بدرێت، ئەوا لە بواری سیمۆلۆژیادا لێکۆڵینەوە لەسەر ئەو نیشانانە ئەنجام دەدرێت، کە نازمانەوانین و لە ئامێزی کۆمەڵگادا دروست بوون.)(حمداوي،٢٠٢٠ : ٦-٧)، سیمیۆتیک یان سیمیۆلۆجی بەدواداچوون بۆ هەردوو نیشانە زمانەوانی و نا زمانەوانیەکان دەکات، بەدواداچوون بۆ مانا لەنێو کایە جیاوازەکاندا دەکات، بۆیە لە ڕەخنەی سیمیۆلۆجیدا، دەبێت ڕەخنەگر سەرنجی لەسەر جوڵە، کات، شوێن، کاراکتەر، ڕەنگ، جلوبەرگ، کردار و ڕووداو... هتد، بێت، چونکە بە پێی بۆچونەکانی (سوسێر) (چەندین چالاکی کۆمەڵایەتی و دەروونی و زانستیی و فیزیکی و ئیستاتێکی مێژوویی ... پێکەوە تێکەڵ دەبن بۆ دروست بوونی چالاکیی زمانی لای مرۆڤ.)(ابراهیم، ١٩٩٠: ٤٤)، نەك هەر ئەمە بەڵکوو سوسێر جیاوازی کردووە لە نێوان زمان (اللغة) و وتە (کلام) بەو پێیەی، (کە بوون، یان ماهییەتی زمان، بریتییە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتیی دابڕاو لە تاك.(سوسیر، ١٩٨٧: ٢٩)، واتا ((زمان بریتییە لە سیستەمێك لەو بەهاو نەریتە ڕەمزی و فەرهەنگیانەی پۆلێکی زمانەوانیی دیاریکراو بەکاری دەهێنن، بەڵام ئاخاوتن هەڵبژاردنێکی تاکەکسیانەی سەربەستە لە زمان.))(ئەسوەد، ٢٠٠١: ٢٠٩)، بۆیە (لە زمانی ئاخاوتندا ناوڵێنانی شتەکان بۆ یەکەم جار بە ڕووداوێکی گەورە هەژمار دەکرێت و ئەم ڕوداوە گەورەیەش بوو بە دەستکەوتێکی گەورەی مرۆڤایەتی، کاتێك ناوڵێنانەکە سنوری خودی ناونراوی تێپەڕاند و بۆ هاوشێوەکانی بەکار هێنرا، بەم گشتاندنەش چەمك یان تێگەیشتنێکی هزریی بۆ دروست دەبێت.)(تلیمة، ١٩٩٧: ٢٩) سیمیۆلۆژیا لەڕوانگەی سۆسێرەوە واتە (ئەو زانستەی کار لەسەر نیشانەکان، یان نیشانە و کۆنتێکستەکان دەکات. بەم پێیەش سیمیۆلۆژیا زانستێکی گشتییە و دراسەی هەموو نیشانەکان یان سیمبولەکان دەکات. کە بە هۆیانەوە مەبەستی دیاریکراو دەگاتە خەڵکی و ئامانجی خۆی دەپێکێت.)(ڕەئوف، ٢٠١٦: ٢١)

(چومسکی . ١٩٢٨ – لە ژیاندایە)ش جەختی لەسەر ئەوە دەکردەوە، (کە پێکهاتەی هەموو ڕستەیەك لە ڕووی فۆرمەوە هەڵگری واتایەکە، بەڵام هەمان ڕستە لە دیوی ناوەوەدا هەڵگری واتای قوڵترە.)(خرما، ١٩٧٨: ٩٥) ئەمیش بەهەمان شێوەی (سوسێر) تێڕوانینی وابوو، کە زمان دوو بەش لە خۆ دەگرێت (یەکەمیان زمانە و دووەمیشیان وتەیە.)(barry، 2009: 49)، هەروەها (فولوشینوف ١٩٤٧ . ٢٠١٩)یش لە بارەی وشەوە دەڵێت: (وشەکان نیشانەی کۆمەڵایەتی کاران و توانای ئەوەیان هەیە، کە واتا و نیشانەی جیاواز لە خۆ بگرن، بەپێی جیاوازیی چینایەتی کۆمەڵایەتی جیاواز و بارودۆخی کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیاواز.)(سلدن، ١٩٩٨: ٣٨)، هەر لەم بارەیەوە ڕۆلان بارت (Barthes ١٩١٥ – ١٩٨٠ ز) لە بواری نیشانەناسیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە، کە (هەمان ئەو نیشانەیەی هەڵدەبژێریت و لە بوارێکی ڕۆشنبیریی دیاریکراودا بەکار دەهێنرێت، دەتوانێت بە چەندین واتای جیاواز لەیەک بدرێتەوە.) (барт, 1989: 313) هەر بۆیە لە ڕەخنەی سیمۆلۆژیدا (بەشێوەیەکی بنەڕەتی جەخت لەسەر نیشانە دەکاتەوە، بەو پێیەی، کە هەموو شتێکی ناو ئەم گەردوونە ئەگەر هاتوو هەڵگری واتا بوو، ئەوا بۆی هەیە نیشانە بێت، بۆیە لەم ڕوانگەیەوە ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بۆ لێکدانەوەی دەقە ئەدەبییەکان سودیان لە زانستی سیمۆلۆژیا وەرگرت، چونکە ئەدەبیش وەکو بەشێکی ئەم گەردوونە پڕە لە نیشانە.)(ماضي،٢٠٠٧ : ١) هەر بۆیە وتراوە (نیشانەناسیی ئەدەبی، جەوهەری چەمک و پۆلە سەرەکییەکانە و وەک تیۆرێکی گشتی لەناو تۆڕە زانستییەکاندا لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی نیشانە دەکۆڵێتەوە.)(халипов, 2018: 3)

لەبەر ئەوەی لێکدانەوە و ڕاڤەکردنی دەق ئەدەبیی هەموو جارێك بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی وشە و دەستەواژە و ڕستەکانەوە واتا نابەخشن، بۆیە بۆ تێگەیشتن لێیان زۆر جار پێویستیمان بە شارەزابوون لە باگگراوەندی کەلتوری و ڕۆشنبیریی و کۆمەڵایەتی و دەروونناسی هتد، کۆمەڵگا هەیە، کە سیمۆلۆژیا ڕاڤەی بۆ دەکات، بۆیە (نیشانەکان وامان لێدەکەن، کە بیربکەینەوە و پەیوەندی بەردەوامان هەبێت لەگەڵ کەسانی تردا، هەروەها واتایەك ببەخشین بەو شتانەی، کە گەردوون پێمانی بەخشیوە.)(عیاشی، ٢٠٠٤: ٣٤) ئەمەش خۆی لە خۆیدا فرە ڕەهەندیی و فرە واتایی لەخۆدەگرێت، هەر بۆیە (ئەدۆنیس)یش جەخت لەسەر ئەم لایەنە دەکات و دەڵێت: ((کەس خاوەنی مانا نییە، هیچ کەسێك ناتوانێ لە پێناوی مانایەکدا بجەنگێ، مانا لە پشت ئێمەوە نییە، بەڵکوو لە پێشمانەوەیە، ئێمە خاوەنی مانا نین، بەڵکوو بەرەو مانا دەچین، هەمیشە و بەردەوام بەرەو مانا دەچین.))(ئەسوەد، ٢٠٠١: ١٣٤) ئەم تێڕوانینەی (ئەدۆنیس) بۆ واتا نزیکە لە هەمان ئەو تێڕوانینەی سوسێر، کە تێدا (جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە، کە دەنگ و هزر، یاخود نیشانە و نیشانکراو (دال) و (مدلول) هەرگیز لەیەك دانابڕێن هەرچۆن وەك دوو دیوی پەڕەیەك لەیەك دانابڕێن، هەروەها دەڵێت پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە و هەریەکەیان پێویستی بەوی ترە.)(تشاندلر، ٢٠٠٨: ٥١)، هەر لەم بارەیەوە نووسەری ڕووس (ڤالەنتین خالیزێف)(Khalizev ١٩٣٠ – ٢٠١٦ ز) دوو زاراوەی (نیشانە=دال) و (واتا =مەدلول) لەبەرامبەر هەر دوو وشەی (وێنە) و (وێناکراو)دا بەکاردەهێنێت و ئەوە دیاری دەکات کە یەکەم هۆکاری دروستبوونی دووهەمە.(хализев, 2004: 102) بۆیە بۆ تێگەیشتن لە واتاکان ((سیمالۆژیا یان سیمیۆتیکا بوو بە میتۆدێکی سەربەخۆ بریتییە لە زانستی نیشانەکان، واتا کارکردن لەسەر نیشانە (sign) و واتاکان (meaning) پاشان بۆ واتای تیۆری نیشانەکان بەکار هاتووە.))(ڕەئوف،٢٠١٧: ٣٤)

سەبارەت بە پێناسەی سیمۆلۆژیاش ئەم زاراوەیە لەبەئەوەی زاراوەیەکی هەمەلایەنە و فرە ڕەهەندە و پەیوەندیی بە زۆربەی زانستەکانی ترەوە هەیە و پەلوپۆی بۆ هونەر و ئەدەب و زانست... هاوێشتووە، بۆیە پێناسەیەکی بێشوماری بۆ کراوە، ئێمەش لە دووتوێی ئەم توێژینەوە بەرتەسکەدا ناتوانین هەموو ئەو پێناسانە بخەینە ڕوو، بۆیە تەنها ئەو پێناسە دەخەینە ڕوو، کە لە (معجم)ی (ڕوبیر)دا بۆ ئەم زانستە کراوە، کە تێیدا دەڵێت: (سیمۆلۆژیا، بیردۆزەی گشتیی نیشانەکانە و بەردەوامبوونی ئەم نیشانانەیە لە ناو هزردا، هەروەها بریتییە لە بیردۆزەی نیشانە و واتاکان و بەردەوام بوونی لە نێو کۆمەڵگادا، لە بواری دەرونناسیشدا ئەرکی سیمۆلۆژیا بریتیی دەبێت لە تونای بەکارهێنانی نیشانە و هێماکان.)(الأحمر،٢٠١٠: ١٣)

**مێژووی سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا:**

زانستی نیشانەکان، یاخود سیمیۆلۆژیا بە بەراورد لەگەڵ بوارەکانی تری زمان خاوەنی مێژوویەکی کۆن نییە، چونکە (گرنگیدان بە نیشانە بۆ سەردەمێکی نوێ دەگەڕێتەوە.)(بن مالك، ٢٠٠٠: ٧) و زۆربەی شارەزایانی بواری ئەدەبیات مێژووەکەی بۆ (سەرەتای سەدەی پێشوو دەگەڕێننەوە، کاتێك، کە زانای زمانناسی بە ڕەگەز سویسری (سوسێر) مژدەی لەدایکبوونی زانستێکی نوێی ڕاگەیاند بە ناوی سیمیۆلۆژیاوە، کە ئەرکی بریتیی دەبێت لە خوێندنەوە بۆ نیشانەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا، مەبەستی ئاشکرا و درکاوی ئەم زانستە نوێیە پێدانی مەعریفەی زانستی بوو بە مرۆڤایەتی بەمەبەستی تێگەیشتن لە لایەنێکی گرنگی بوونی مرۆڤایەتیی بە هەردوو ڕەهەندی خودی و بابەتییەوە، کە پێشتر پشتگوێ خرابوو لە نێو زانستەپۆلێنکراوە ئاساییەکاندا.)(بنگراد، ٢٠١٢: ٩)، هەرچەندە هەندێك سەرچاوە ئاماژە بەوە دەکەن، (کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمدا زانستی نیشانە لەسەر

دەستی زانای سویسری (فریدناند دی سوسیر ١٨٧٥. ١٩١٣) و زانای ئەمریکی (چارلس ساندرس پێرس ١٨٣٨. ١٩١٤) هاتووتە کایەوە، لەکاتێکدا یەکتریان نەدەناسی و ئاگاداری یەکتر نەبوون.)(کامل، ٢٠٠٣: ١٥) واتا بەبێ ئەوەی ئاشنایەتییان لەگەڵ یەك هەبێت، هەر یەکەیان بەجیا لە لای خۆیەوە باسی لە سیمیۆلۆجیا کردووە، بەڵام تێڕوانینیان بۆ سیمیۆلۆژیا لەوەدا جیاواز بوو، کە ((سیمیۆلۆژیا لای پێرس پەیوەستە بە لۆژیك و لای سۆسێر پەیوەستە بە زمانەوە.))(ڕەئوف،٢٠١٧: ٥٣) هەروەها هەندێ سەرچاوەی تر ئاماژە بەوە دەکەن، کە (سیمۆلۆژیا لە سەر دەستی (شارلز ساندرز بیرس) بووە بە زانستێکی سەربەخۆ، کاتێك، کە ئەوەی ڕاگەیاند، سیمۆلۆژیا سەرچاوەیە بۆ لێکۆڵینەوە لە هەموو زانستەکان.)(عیاشي، ٢٠٠٤: ١٥) بەم پێیە (پێرس، ڕابەری سیمیۆلۆژیای ئەمریکییە و سۆسێر ڕابەری سیمیۆلۆژیای فەرەنسییە، بۆیە (ئارت ڤان) دەڵێت: سیمیۆلۆژیا کوڕی دوو باوکە، یەکێکیان پێرس و ئەویتریان سۆسێر، بەبێ ئەوەی یەکێکیان ئەوی تریان بناسێت.(ڕەئوف، ٢٠١٧: ٣٤) بەڵام دەبێت ئەوە بوترێت، کە (پێرس و سۆسێر زاراوەکەیان لە جۆن لوکەوە وەرگرتووە و بەپێی مەبەستی کارەکەیان زاراوەکەیان لێ دروست کردووە.)(ڕەئوف، ٢٠١٦: ١٨) ئەم وتانەش ئەوە ناگەیەنێت، کە پێش ئەمان کەسانی تر گرنگییان بەم زانستە نەداوە، بەڵکوو ماوەیەکی زۆر لە پێش ئەمانیش گرنگی بە لایەنی نیشانە و واتای شاراوە دراوە، بەڵام لە شێوەی پچڕپچڕ و لە ژێر ناوی جیاوزدا باسی لێوەکراوە، یان لەگەڵ باسکردنی زماندا ئاماژەی پێکراوە، بۆ نمونە فەیلەسوفەکانی گریگ (ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) ئاماژەیان بە نیشانە کردووە و لەم ڕووەوە هەریەکەیان بیروباوەڕی جیاوازی خۆی هەبووە)(مطهري،٢٠٠٣: ٣٣-٥٣)، هەروەها نابێت ئەوەشمان لە یاد بچێت، (کە سەرهەڵدانی سیمیۆلۆژیا لە سەر بنەمای وتەکانی (سوسێر و پێرس)هەوە سەری هەڵنەداوە و فەیلەسوفێکی زۆر پێش ئەمان باسیان لە نیشانە و فەلسەفەی زمان کردووە، هەر ئەمانەش بوون، کە بۆ یەکەم جار تۆوی سیمیۆلۆژییان چاند، بۆیە پەیوەندییەکی قووڵ، تا ڕادەی چونیەك لە نێوان سیمالۆژیا و لۆژیك و بیردۆزەی مەعریفیدا هەیە.)(rb.gy/fcg0t )، بەڵام ئەوە هەیە، کە ئەم زانستە (لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا وەکوو دیاردەیەکی جیهانی گەشەی کردووە.)(رشید، ١٩٨١: ٤٢)

## کورتەیەک دەربارەی کات:

ژیانی مرۆڤ لەناو کاتدایە و هەموو قۆناغەکانی ژیانی گرتووەتەوە، نەک هەر مرۆڤ بەڵکوو هیچ زیندەوەرێک لە دەرەوەی کات ناژێت، ئەمەش دواجار شۆڕ بووەتەوە بۆ هەمووکایە ئەدەبییەکان بەگشتی و بەتایبەتیش لە شیعردا، کە هەم لە بنیات و هەم لە واتایشدا ڕۆڵ دەگێڕێت. مرۆڤیش هەر لە دێر زەمانەوە هەستی بەوە کردووە، کە (هیچ شتێك بوونی نییە بە بێ کات، چونکە بوون بۆ خۆی ژیانە و ژیانیش گۆڕانکارییە و گۆڕانکاریش جوڵەیە و جوڵەش کاتە، کەواتە هیچ شتێك بە بێ کات بوونی نییە.)(حسام الدين، ٢٠٠٢: ٢٩)، هەر بۆیە (ئەرستۆ، نەک هەر کاتی بەستووە بە جوڵانەوەوە، بەڵکوو کاتی بە خاسێتێک لە خاسێتەکانی جوڵانەوە داناوە.)(نەجمەددین ئەڵوەنی، ٢٠٠٤: ٣٥) بەم پێیە (کات گوزەرکردنە بە نێو ڕوداوەکاندا، هەموو ڕووداو و گوتن و دەربڕینێکی مرۆڤ کاتێکی دیاریکراوی هەیە. هەندێک وشە و دەربڕین هەیە گوزارشت لە کات دەکەن، کە بە نیشانەکانی کات ناسراون، کە کاتی قسەکردن دیاری دەکەن، لە ساڵ و مانگ و ڕۆژ ...هتد.)(مستەفا، ٢٠٢١: ٢٣٢) کات (دوو جۆری هەیە، سروشتی: کە خاوەنی جوڵەی بەردەوامە بەرەو پێشەوە و هەرگیز گەڕانەوەی نییە و گشتی و بابەتییە. دەروونییش، کە هەموو مرۆڤێك کاتێکی دەروونی تایبەت بە خۆی هەیە، کە پەیوەندیی بە بەئاگابوون و ویژدان و شارەزایی خودیی خۆیەوە هەیە، ئەم جۆرە کاتە بە کاتژمێر ناپێورێت، وەکو ئەوەی، کە کاتی سروشتیی دەپێورێت، چونکە کاتێکی تایبەتە بە خودی تاکەکان، تاکەکان بە پێی هەستیان دەیپێون و هەر تاکێك لە ماوەی ژیانیدا بە پێی ئەو بارودۆخەی، کە پێیدا تێدەپەڕێت هەست بە کاتی خۆش و کاتی ناخۆشیش دەکات، بۆیە پێوەرەکانی ئەم جۆرە کاتە جیاوازن.)(القصراوي، ٢٠٠٤ : ٢٢-٢٣)

بەو پێیەی، کە ((ڕەگەزەکانی ئەدەب بەگشتی نەك هەر هەڵبەست، بریتین لە چوار ڕەگەزی سەرەکی، کە سۆز و ئەندێشە و واتا و زمانن و ئەدیب بە شێوەیەکی دیاریکراو لە پێناوی خستنەڕووی تێڕوانینیدا بۆ جیهان، یاخود بۆ دەربڕین لە تاقیکردنەوەیەکی مرۆڤایەتی هوشیار بەکاریان دەهێنێ.))(عەلی، ١٩٨٨ :٤٢) ، بۆیە دەقی ئەدەبیی زیاتر پەیوەستە بە کاتی دەروونییەوە، ئەم جۆرە کاتە ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە پێکهاتەی دەقی ئەدەبیدا و (بوونێکی سەربەخۆی نییە لە نێو دەقی ئەدەبیدا، بۆیە ناتوانین لە دەق جودای بکەینەوە.)(قاسم، ٢٠٠٤: ٣٨)، هەروەها ((کات پەیوەستەیەکە ڕووداوەکان ڕێکدەخات، ئەو زنجیرەیە. کە بەشەکانی لێکدەدات، بێ ئەوەی کار لە تێکدانی ڕووداوەکان بکات و لێیان تێنەگەین.)) (ڕەئوف، ٢٠١٧ : ٤٠) ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (کات ئەو ڕەگەزە سەرەکییەیە، کە پاڵ بە ڕەگەزەکانی کاری هونەرییەوە دەنێت بۆ جوڵانەوە و گەشەکردن و تەواوبوونی بونیادە هونەرییەکەی.)(ڕەئوف، ٢٠١٢: ١٤٠) ئەوانەش وایان کردووە، کە (کات لە پێکهاتەی دەقدا یەکێک بێت لە ڕەگەزە گرنگەکان، چونکە کات وەک فەزایەک وایە، کە هەموو پێکهاتە و ڕەگەزەکانی تری تێدا دیاری دەکرێت، لەبەرئەوەی ڕوودانی هەر ڕووداوێک پەیوەستە بەو کاتەی کە تێیدا ڕوویداوە.)(حسین، ٢٠١٢: ٥٧) لەگەڵ ئەوەی شیعر و کات دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، لە هەمان کاتدا جوانییەکیش بە دەقەکە دەبەخشێت، کە (بەها ئیستاتیکییەکەی بەو بارەوە پەیوەستە، کە دەلالەتەکانی بەدیدەهێنن، چونکە لە شیعردا شتێک نییە لە دەرەوەی کات بێت و هەموو شتێک بە جوڵەی کاتەوە پەیوەستە، هەر لەبەر ئەمەیە، کە زمانی شیعری کۆمەڵێک پەیوەندییە نەک کۆمەڵێک گۆکراو.)(الخضور، ٢٠٠٠ :٧٨)

کاتیش بەشێوەیەکی گشتی پێگەیەکی گرنگ و دیاری هەیە لە شیعرەکانی (مینە جاف)دا هەر ئەم پێگە بەهێزەی کات لە شیعرەکانیدا، بووەتە هۆی سومبل و سیمای گەلێگ لە شیعرەکانی، بەشێوەیەك، کە جوانییەکی واتایی ڕەنگاوڕەنگی پێیان بەخشیووە، کە لە دەرئەنجامی ئیستاتیکای واتای شیعرەکانییەوە خوێنەر کەم تا زۆر بتوانێت پەی بەرێت بۆ واتای پشتەوە، یان دیوی ناوەوەی دێڕەکان و بە پێ سیمۆلۆژیای کات لێکدانەوەی دەروونی و واتایی جیاوازیان بۆ بکات، چونکە وەکو دەوترێت ((وەرگرتنی دەقی ئەدەبیی لە لایەن خوێنەرەوە لە ڕێگەی تۆڕێکی ئاڵۆزی (دلال)ی هەمە جۆرەوە زیندوو دەکرێتەوە، سەرەڕای ئەو زمانەی، کە دەقەکەی پێ نووسراوەتەوە و توانای خوێنەر لە کردنەوەی کۆدەکاندا ...) (لوتمان، ١٩٩٥ : ١٥٢)، ئەمەش ئەو ڕاستییەمان بۆ دەردەخات، کە دەقی ئەدەبی ناکرێت یەک واتای دیاریکراو لە خۆ بگرێت، بەڵکو واتاکان بە پێی کردنەوەی کۆدەکان و ئاستی ڕۆشنبیری خوێنەر و بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ... دەگۆڕێت.

## بەشی دووەم: سیمیۆلۆژیای کات لە شیعرەکانی (مینە جاف)دا:

(مینە جاف) لە شیعرەکانیدا کاتی بە چەند (مدلول)ێکی جیاواز بەکارهێناوە، کە لەم توێژینەوەیدا هەوڵ ئەدەین لە ڕێگەی سیمۆلۆژیا وە و بەپێی توانا خاڵ بخەینە سەر پیتەکان و ئامانج و مەبەستمان دیاری بکەین لە خستنە ڕوویاندا بەم شێوەی لای خوارەوەدا:

**١/ کاتی ئاسایی:**

یەکێك لەو جۆرە گرنگ و بەربڵاوانەی کات، کە لە شیعرەکانی شاعیردا بەرچاو دەکەون، بریتییە لە کاتی ئاسایی(فیزیکی)، کە خۆیان لە بەیانی و نیوەڕۆ و عەسر و ئێوارە و کاتژمێر و شەو و ڕۆژ و ساڵ و وەرز و جەژنەکاندا دەبینێتەوە. لێرەوە هەوڵ دەدەین بەپێی پێویست تیشك بخەینە سەر هەریەکەیان.

**أ/ بەیان:**

بەیان، کە ئاماژەیە بۆ کاتی هەڵهاتنی ڕۆژێکی نوێ، یاخود گزنگی بەیان، پێگەیەکی تایبەتی لە شیعرەکانی شاعیردا هەیە، بۆیە بەچەندین زاراوەی جیاوازی وەك (شەفەق، بەرەبەیان، سەحەر، سوب سەحەر، سوبح.) گوزارشتی لێکردووە و هەر یەکەیان بەپێی کۆنتێکستەکەی ئاماژەی نیشانەی تایبەتین بۆ دەستگیربوونی واتا. ئەمەش خۆی لە خۆیدا نیشانەی گرنگیدانی شاعیرە بەم کاتە دیاریکراوەی لەدایکبوونی ڕۆژێکی نوێ، کە هەمیشە بە گەشبینییەوە ڕوانیویەتە ئەم کاتە، لێرەدا لەبەر بەرتەسکی سنووری توێژینەوەکە، تەنها لێکدانەوە بۆ وشەی (بەیان) دەکەین. شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێت:

ئەی سەبا ئەی قاصـدی عوشاق سەرگەشتەی فیراق

ئەی سـەبا ئەی پەیکی ئەفراح مەقدەمی وەعدی بەیان

(جاف،١٩٩٠ : ٢٩٦)

لەم دێڕە شیعرەدا شاعیر کاتی دەستپێکی ڕۆژێکی نوێ، کە (بەیان)ە بە کاتێکی ئەرێنی و مژدە بەخش دەزانێت و وەکوو دەلالەتێك بەکاری دەهێنێت بۆ گوزارشتکردن لە کاتێکی دیاریکراو. (بەیان) خۆی و (سەبا)کەی دالێکن و ئاماژەن بۆ گەشتنی هەواڵێکی نوێ و دڵخۆشکەر بۆ سەرلەنوێ ئاگاداربوونی نێوان شاعیر و دڵبەر، چونکە کات، کاتی گەیشتنی هەواڵە لەلایەن بای بەیان(سەبا)وە.

لە وەقتی <u>شەفەق</u> کردی نۆمایان

لە خەزنەی لوتفی کەرەم فراوان

(جاف،١٩٩٠ : ١٥٤)

هانا هاوەڵات پەیکەکەی <u>سـەحەر</u>

بەیۆ ئیمدادم درەنگــی مەکەر

(جاف،١٩٩٠ : ٢٣٥)

لە <u>سوب سەحەر</u>دا لەسەر شەتاوێ

من دیم جەیرانێ شۆخی لەولاوێ

(جاف،١٩٩٠ : ٢٨٤)

توخوا هەڵسە لە خەو ئەم <u>سوبحە</u> بەر لە گشت بەیان

خۆت موعەططەر کە لە گوڵشەن تۆ بە ئەنواعی گوڵاو

(جاف،١٩٩٠ : ٢٩٦)

**ب/ سوبح و ئێوارە:**

ئێوارە یەکێکی ترە لەو ئاوەڵکارانەی، کە شاعیر وەکو (مدلول) بەکاری هێناوە، لەم ڕووەوە لە دێڕە شیعرێکیدا دەڵێت:

عەبیر موشکی تاتاری پەریشــان زوڵفی دولبەرمە

سەبا ئەم عەمبەر ئەفشانەت لە وەختی <u>سوبح و ئێوارە</u>

(جاف،١٩٩٠ : ٢٩٢)

کات لەم دێڕەدا (سوبح و ئێوارە) دوانەیەکی دژن و ئەوە نیشان دەدەن. کە دوو دالن بۆ یەک مەدلول و نیشانەن بۆ کاتێکی بەردەوام. شاعیر ڕوی لە بای بەیان (سەبا) دەکات و دەڵێت: ئەم بۆنی عەمبەر ڕژانەی تۆ بە بەردەوامی، هەمووی بۆنی زوڵفی وەکوو میسک بۆنخۆشی دڵبەری منە و بەیانی و ئێوارە دڵی منیان سووتاندووە. ئەوە ڕوونە سەبا تەنها لە بەیانیاندا دێت، بەڵام شاعیر کاتی ئێوارەشی داوەتە پاڵی، ئەوەش ئاماژەیەکە بۆ ئەوەی هەر لە بەیانییەوە، کە سەبا بۆنی زوڵفی دڵبەری پێی گەیاندووە ئیتر تاکوو ئێوارە شاعیری مەست کردووە و ئاماژەی بەردەوامی کاریگەری یارە لەسەر شاعیر.

**پ/ شەو:**

شەو، وشەیەکە بۆ گوزارشتکردن لە کاتی خۆر ئاوابوون، بۆ خۆی پێگەیەکی تایبەتی لە نێو شیعرەکانی شاعیردا داگیرکردووە و شاعیر هەندێک جار وەکوو (دال) بۆ مەدلولی جیاواز بەکاری هێناوە. بۆنمونە کاتێك، کە دەڵێت:

با بە وەصل و کەیف و شادی تێپەڕێنین <u>ئەم شەوە</u>

شەق بەرێ بمرێ لە داخا ڕەقیبی سـەگ نەسەب

(جاف،١٩٩٠ : ٢٤٧)

دەربڕینی (ئەم شەوە) وەکوو کاتێک جیاوازە لە (شەو)، بەشێوەیەکی گشتی کاتی (شەو) لای شاعیران نیشانەی (دووری، تاریکی، دابڕان، غەم، گریان، تەنیایی) تێدایە. هەر بۆیە زۆربەی جار شەو بۆ شاعیر بارێکی دەروونی ناخۆشە، بەڵام لەم دێڕەدا، شاعیر دەیەوێت (ئەم شەوە) جیا بکاتەوە و جیاوازی بکات لە (شەو)ەکانی تر. دەیەوێت لە ئەمشەودا شاد و دڵخۆش بێت، کە بێگومان ئەوەش هەمووی پەیوەست دەکات بە کۆبوونەوەی لەگەڵ دڵبەردا، بەو مانایەی شەو چەندە ناخۆش بێت لەگەڵ دڵبەر ئەوپەڕی شادییە. جگە لەوەی باسمان کرد دەربڕینی (لە داخا شەق بەرێ ڕەقیب) نیشانەیەکی تر بە (شەو) دەدات، بەوەی ڕەقیب بزانێت من و تۆ (دڵبەر) لە کاتی تاریکیدا پێکەوەین و ناتوانێت بزانێت چی دەکەین و چی ناکەین، بەمەش (شەو) مەدلولی شاراوەیشی لە خۆیدا هەڵگرتووە.

**ت/ ساڵ:**

ساڵ وەك کاتێکی ئاسایی لە شیعری شاعیردا بەرچاو دەکەوێت، ئاماژە بۆ کاتە فیزیکییەکە دەکات و لەم بارەیەوە دەڵێت:

بۆ ساڵی وەفاتی ئەو پرسیم و وتی (مینە)

ڕۆیی داغ بە دڵمانە (تەئریخیە جێماوە)

(جاف،١٩٩٠ : ١٨٣)

لێرەدا شاعیر وشەی ساڵی بەرکاهێناوە و ئاماژەی بە وەفاتی (ئەحمەد موختار جاف)ی شاعیر کردووە، ئەمەش پێشاندانی کاتێکی ئاساییە لە شیعرەکەدا. ساڵ لێرەدا ئاماژەیە بۆ غەمگینی و ماڵئاوایی.

**ح/ وەرزەکانی ساڵ:**

وەرزەکانی ساڵ شوێنێکی دیاریان لە شیعری شاعیردا داگیر کردووە، کە زۆرجار ئاماژەکانی ئەو وەرزانە نزیکە لە تایبەتمەندی خودە وەرزەکانەوە. ئێمە لێرەدا لەبەر نەبوونی دەرفەت بۆ باسکردنی هەموویان تەنها شیکاری بۆ یەك وەرز دەکەین. شاعیر لە دەق (بۆ نەوبەهارێك شیرین)، باسی کاتێکی دیاریکراو لە سروشتدا دەکات، لەم بارەیەوە دەڵێت:

وەرن یاران ! تەماشاکەن چ شیرین نەو بەهارێکـە

ئە هەر لایەک ئەچیت یا مێرگە یاخود لالە زارێکـە

(جاف،١٩٩٠: ٢٦٩)

لێرەدا ڕاستە نەوبەهار کاتە و یەکێکە لە وەرزەکانی ساڵ، بەڵام بووە بە (دالێک) و بەهۆی پەیوەندییە واتاییەکانییەوە بەتایبەتی لەگەڵ وشەی (تەماشاکەن)دا دەردەکەوێت، کە (بەهار) ئاماژەیە بۆ (جوانی)یەکی سەرنجڕاکێش، کە پڕە لە نوێبوونەوە.

لەبارەی زستانەوە دەڵێت:

نەجاتمان بدە لە تۆف و بـاران

لە بەفر و یخەبەن کڕێوەی زوسان

(جاف،١٩٩٠: ٤٩)

لەم دێڕەدا وشەی (زوسان)زستان هاتووە، ڕوونە، کە کاتە و یەکێکە لە وەرزەکانی ساڵ. بەلەبەرچاوگرتنی وشەکانی وەکوو (تۆف، باران، بەفر، یەخبەن، کڕێوە) بۆمان دەرئەکەوێت، کە (زوسان) لێرەدا دالێکە و ئاماژەیە بۆ (سەرما).

**خ/ جەژن:**

جەژنیش، وەکوو بۆنەیەکی ئاینی و نەتەوەیی لە شیعرەکانی شاعیردا، وەکوو (دال)ێك، یان نیشانەیەك بەکار هێنراوە، لەم ڕووەوە شاعیر دەربارەی (جەژنی نەورۆز) دەڵێت:

ئەوا سوڵتانی نەورۆزی سـوپای تیپ تیپی هێناوە

ڕەنگاوڕەنگ ژاڵە و نەرگسی لە دەشتا خەیمەی داوە

(جاف،١٩٩٠ : ٢٨٧)

نەورۆز کاتێکی دیاریکراوی ساڵە هەموو ساڵێک دەکەوێتە (٣/٢١)وە. بۆنەکە دەلالەتی واتایی مێژوویی لە خۆیدا هەڵگرتووە، کە خۆی لە ئازادی و سەربەستیدا دەبینێتەوە و ڕەمزە یارەکەش (کاوەی ئاسنگەرە)، کە گوایە بەدیهێنەری سەربەستی و دەرچوونە لەژێر زوڵم و ستەم. لە ڕوانگەی سروشتیشەوە نەورۆز کاتێکە، کە سروشت لە سەرما و سۆڵە ڕزگاری دەبێت و بەهار دێت. یەکێک لەو گوڵە جوانانەی، کە لەگەڵ کاوەدا بووە بە ڕەمزی نەورۆز (نێرگز)ە، هەر بۆیە لێرەدا شاعیر (سوڵتانی نەورۆز)ی هێناوە، کە نیشانەیە بۆ نێرگز و ڕەمزی بوژاندنەوە و سەرهەڵدانی ڕۆژێکی نوێیە.

**٢/ کاتی ئێستا:**

ئێستا، ئاوەڵکاری کاتییە و بۆ گوزارشت لە حاڵی هەنوکەیی کەسێك، یان شتێك، یان ڕووداوێك، شاعیر وەکو (دال) نیشانە بۆ چەند مەبەستێکی جودا بەکاری هێناوە، کە دەڵێت:

ئیستەکە چی سەیرئەکەم ئەو خاکە جوانە سەربەسەر

ئەهلی گشت غەمگین و ماتە خۆیشی وەك ناری سەقەر

(جاف،١٩٩٠ : ٥٧)

(ئێستا) لەم دێڕە شیعرەی لای سەرەوەدا (دال) نیشانەیەکە بۆ (مدلول) نیشانکراوێك، کە بیری شاعیرە لە هەنووکەدا، واتا وشەی ئێستا وەکوو ئاوەڵکارێکی کاتی، گوزارشتە بۆ کاتێکی دیاریکراو، کاتێک کە بە دیقەتدان لێی جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕابردوو بەو مانایەی هەرچییەک لە ئێستادا هەیە، ئاماژەکانی هەمووی خراپن. لە دێرێکی تردا (ئەمێستە)ی بەکارهێناوە ودەڵێت:

ئەمێستە وام لە حاڵیکا نـەبێ کافر بە ئەحواڵم

فەرەنگ ئیسلام ئەکا یاران کزەی ئەم جەرگە ئارینە

(جاف،١٩٩٠ : ٢٩٧)

**٣/ کاتی ڕابردوو:**

ڕابردوو وەکوو کاتێکی کاریگەر لە ژیانی هەموو تاکێکدا ڕۆڵ دەبینێت و شاعیریش وەکوو هەر تاکێکی تر لەوە بەدەر نییە، کە ئەوەش بێگومان سەردەمی منداڵی و لاوی و هەروەها کاتی مێژوویی و هەموو ئەو کاتانەی لە یادەوەری ئەو کەسەدان دەگرێتەوە، هەموو ئەوانەش دواجار لە شیعری شاعیردا ڕەنگ دەدەنەوە و دەبن بە ئاماژەیەك بۆ ئەو مەبەستەی کە شاعیرەکە دەیەوێت. شاعیر لە دەقێکدا دەڵێت:

گەیشتمـــــــە سەر جەنازەی وەسی

دەستم ناوە خوێنەکەی خستمە سەر دیدەی مەسی

وتم ئەی وەلیعـــــەهدی عالی غروور

تەماشاکە ئێســـــتا چەند بێکەسی

(جاف، ۲۰۱٥: ۸۹)

ئەو ئێستایەی لێرەدا بەکارهاتووە مەدلولێکی مێژوویی هەیە، چونکە باس لە ئێستایەک دەکات، کە تێیدا کوشتنی دواپاشای سەردەمی پاشایەتی عێراق رووی داوە، ئەوەش خۆی بۆخۆی رووداوێکی مێژووییە و وەستاندنی وێنەی چرکەساتێکی مێژووییە، کە باس لە کۆشتنی (عبدلئیلاهـ) دەکات لە شۆڕشی (١٤/تەموز/١٩٥٨)دا. لە هەمان کاتدا ئاماژەیەکە بۆ دەرس و پەند وەرگرتن، شاعیر دەیەوێت پێمان بڵێت: ئەوە کاتە بۆتی دەسەلمێنێت، کە ئەو کەسانەی لە کاتی دەسەڵاتداریت لە دەوروبەرتن مەرج نییە دڵسۆزی تۆ بن، کات دەتوانێت ڕاستییەکانمان بۆ دەربخات. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

چی بە ئازایی و مەردی و دەمراسی

خورشید لە مێژوو نووسیاوە باسی

(جاف، ١٩٩٠: ٣١٤)

(مێژوو) کاتێکی مێژووییە و ئاماژەیە بۆ سەردەمێک کە بە ئازایەتی و مەردی و دەمراستی قارەمانێکی ڕاستگۆی بەناوبانگی عەشق و دڵداری، کە ئەویش (خورشید)ە. مێژوو لێرەدا ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئێمە ڕۆژانە دەیکەین، دەبێت بە ناسنامەی ئێمە و ئیتر بەوانە دەناسرێین.

**٤/ کاتی داهاتوویی:**

ئەو کاتەیە، کە هێشتا نەهاتووە، ڕووداوەکانی دەکەونە دوای کاتی قسەکردنەوە. قسەکردن لە داهاتوو ئاسان بەدەستەوە نایەت، وەکوو قسەکردن نییە لە ڕابردوو، بەڵکوو پێویستی بە توانا و لێهاتوویەکی باش هەیە. یەکێک لەو تایبەتمەندییانەی، کە جیاوازی نێوان مێژوونووس و شاعیر دیاری دەکات، ئەوەیە، کە مێژوونووس تەنها قسە لە ڕابردوو دەکات، لەکاتێکدا شاعیر قسە لە داهاتووش دەکات. بەو واتایەی شاعیران هەندێک جار ئایندە و داهاتوو دێنن و لە ئێستادا بەرچاومانی دەخەن. لە دێڕێکدا دەڵێت:

ویساڵ بۆ من وەکو عەنقایە ئیسمی بێ موسەممایە

بە چاو نابینم <u>ئەو ڕۆژە</u>ی هەتا ڕۆژێ بێ عومرم

(جاف، ١٩٩٠: ٢٧٧)

لێرەدا گرێی ئاوەڵکاری (ئەو ڕۆژەی) دالێکە و بەهۆی پەیوەندییە واتاییەکانی لەگەڵ دەربڕینی (بەچاو نابینم)دا ئاماژەی پێشبینیکردنی بۆ داهاتوو هەڵگرتووە، شاعیر پیشبینی ئەوە دەکات، گەشتن بە دڵبەر شتێکی باوەڕپێنەکراوە و وەکوو ئەفسانە وایە، وای دەبینێت هەتاکوو لە ژیاندا مابێت ئەوە بەچاو نابینێت. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

زوو بە زوو <u>ڕۆژێ</u> ئەبێت دڵخۆش ببم بەم مژدەیە

پێت بڵێن مژدە ســوبەی دیدەخومارت تێتەوە

(جاف،١٩٩٠ : ٢٥٨)

لە وشەی (ڕۆژێ)دا، ئامرازی نەناسراوی (ێک) کورت کراوەتەوە (ڕۆژێک) گۆڕاوە بۆ (ڕۆژێ) و شاعیر لادانێکی سوواوی زۆر بەکارهاتووی ئەنجام داوە، بەڵام بە پێی سیاق هاتنی وشەکە شاعیر کاتێکی پێشبینیکراو لە ڕوانگەی خۆیەوە بەیان دەکات، کە لە داهاتوویەکی نزیکدا مژدەی هاتنەوەی دڵداری پێ دەدرێت. کات بایەخێکی گەورەی لای شاعیر هەیە، لە قوڵایی واتای دێڕەکەدا ئاماژەی ئەوە هەیە، کە دواجار سەرجەمی ئاواتەکانی ئەمڕۆمان لەناوکات و لە داهاتوو دەکرێت بێنە دی.

**٥/ کاتی ئەندێشەیی (هونەریی):**

هەندێک جار شاعیران ئاماژە بە جۆرە کاتێک دەکەن، کە ناتوانرێت بخرێتە ناو چوارچێوەی واقیعەوە، بەشێوازێک، کە بە پێوەری ئاسایی کات ناپێورێن. شیعر بەرهەمی ئەندێشەیە و شاعیران هونەرمەندی لە خوڵقاندنیدا پەیرەو دەکەن، بۆیە زۆرجار لە ئەندێشەی خۆیاندا ڕوداوەکان لە کاتێکی ئەندێشەییدا دەخوڵقێنن، ئەوەش بە شێوازێکە، کە خوێنەر ناتوانێت بە لێکدانەوە و پێوەری ئاسایی لەوکاتە بگات. شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

شەوێکە تاڵ و تاریك و پڕ ئەنـدێشە ئەم شەو

خوایا سا بە لوتفی خۆت بڵێ ڕۆژێتەوە ئەمشەو

(جاف،١٩٩٠ : ٢٦١-٢٦٢)

لێرەدا بەهۆی ئاڵوگۆڕپێکردنی درکپیکراوەوە شاعیر تامی (تاڵ)ی خستووەتە پاڵ کاتێکی دیاریکراو، کە (شەو)ە، کاتیش وەک دەزانین ناکرێت بخرێتە سەر زار و تام بکرێت، ئەمەش بیگومان لەڕێگەی ئەندێشەوە (کاتێکی تاڵ) دروست کراوە و لە ڕێگەی بەتەنکردنەوە خوڵقێندراوە و لادانێکی تا ڕادەیەک دووبارەی پێشکەش کردووە. لێرەدا (شەوێکی تاڵ) دالە و ئاماژەیە بۆ شەوێکی ناخۆشی وەها، کە بارێکی دەروونی قورسی بەسەر شاعیردا هێناوە.

**٦/ کاتی دەروونی:**

کاتی دەروونی، کاتێکە لە ڕوانگەی ئەو ڕووداوانەوە دەتوانین بیناسین، کە ڕووداوگەلی ناخۆش یان دڵخۆشکەر بەسەر شاعیر خۆیدا یان قەوم و قیلە و نەتەوەکەیدا هاتوون و دەروونی شاعیریان خستووەتە بارێکی خۆش یان ناخۆشەوە، چونکە کات پەیوەستە بە ڕووداوە و لەڕێگەی پیشاندانی ڕووداوەوە کاتەکەمان بۆ دەردەکەوێت. کاتی دەروونیی وەستان و پیشاندانی ئەو ساتانەیە، کە کاریگەریان لەسەر ناوەوە و دەروونی شاعیر دروست کردووە، ئیدی ئەوکاریگەرییە بە دڵخۆشکردن بێت یان دڵتەنگکردن. کاتی دەروونی کاتێکی هەستیارە بۆ شاعیر و بەتەواوی پەیوەندی بە هەست و سۆز و ویژدانی شاعیرەوە هەیە و ناخی دەهەژێنێت. هەر بۆیە هەندێ جار بە کاتی ناوەکیش پیشان دراوە و وتراوە: ((ئەو کاتەیە، کە پەیوەندی بە ناوەوە و سایکۆلۆژیی کەسەکانەوە هەیە.))(خدر، ٢٠٠٧: ١٢١)، شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

بۆیە ئەمڕۆ وا نەسیمت باوەشێنی دڵ ئەکـــا

زۆر فەرەح بەخشە بەڕاستی غەم گوسارە ئەی سەبا

(جاف،١٩٩٠ : ٢٤٨)

(ئەمرۆ) کاتێکە، کە دوو ڕووداو پیشانی ئێمە دەدات، نەسیم هەواڵی گەڕانەوەی دڵبەر دەدات و هەر لە دێڕەکەشدا (ئەمرۆ) کاتی نووسینی شیعرەکە بەیان دەکات. (ئەمرۆ) وەکوو ئاوەڵفرمانێکی کاتی، بۆ شاعیر جیاوازە و بەهۆی گەڕانەوەی یارەوە ئاماژەی دڵخۆشکەری تێدایەو هەست و سۆزی شاعیری خرۆشاندووە و بارێکی دەروونی خۆشی بۆی دروست کردووە.

شاعیر لە دەقێکی شیعریدا شیوەن بۆ کۆچی دوایی (محمد بەگی فەتاح بەگی مامی) دەکات و دەڵێت:

چییە ئەم شۆڕ و غەوغایە کە عالەم گشتی گریانە

چییە ئەم مەحشەرە ئەمرۆ لە ناو مەخلوقی دەورانە

(جاف،١٩٩٠ : ١٨١)

لێرەدا وشەی (ئەمرۆ)(دال)ێکە و ئاماژە بۆ کاتێک دەکات، کە کۆستکەوتنی تێدایە و بارێکی دەروونی ناخۆش و خەماوی بۆ خودی شاعیر و هەموو ئەو کەسانەی، کە بە هۆی کۆچی دوایی ناوبراوەوە خەمبار بوون، دروست کردووە. بەم پێیە شاعیر لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئاوەڵفەرمانێکی کاتیی دلالەتی کردووە لە حەڵەتێکی دەروونی ناخۆشی خۆی و خزمەکانی، کە ئەویش ئەو ڕۆژی مەحشەرەیە، کە بەهۆی مردنی مامیەوە تێیکەوتوون. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

**٧/ کاتی ناڕوون (نادیار):**

کاتی ناڕوون، کاتێکە بە شێوازێک نەخراوەتە ڕوو، کە ساتی ڕووداو تێیدا ئاشکرا بێت، بەڵکوو بە نادیاری هێڵدراەتەوە و نازانرێت کەیە. واتا ناتوانین دڵنیا بین لەوەی، کە کاتەکە لە چ دەم و ساتێکدایە. شاعیر دەستەواژەکانی وەکوو (وەختێ، کاتێ، ئەو کاتەی، کاتێك، لە کاتێکدا، سەردەمێ، بەیێ، بەینێکە، ماوەیەکە، دەمێکە، ئەو دەمەیی، لەو دەمەی، ئەوساکە ...) بە ڕێژەیەکی بەرچاو لە شیعرەکانیدا بەکار هێناوە و لە هەمووشیاندا ئەو ناڕوونیی و نادیارییە لە پیشاندانی تەواوەتی کاتەکەدا بەدی دەکەین. شاعیر لە شیعرێکدا بە ناونیشانی (گفتوگۆ لەگەل قەڵای پاشا) دەڵێت:

بەیێ نوشینگەی حەمە پاشا بووم

ماموا مەکانی ئەو جەمشید جابووم

ڕۆژێ بە ئەمری قـەزای ڕەبانی

لە دونایای فەنـا پاشا بوو فانی

(جاف،١٩٩٠ : ١٩٣-١٩٤)

ئاوەڵفرمانی کاتیی (بەیێ) دالێکە کە ئاماژە بە کاتێک دەکات، کە لای خوێنەر ڕوون نییە کەیە، مەدلول ئاشکرا نییە و نازانین بە وردی ئەو بەینێیە ماوەکەی چەنێک بووە، یان لە ڕابردوویەکی دوور یان نزیکدا بووە. هەر بۆیە کاتێکی نادیاری لە وێنە شیعرییەکەدا خستووەتە بەرچاو. دەلالەتە واتاییەکانی پشتی (بەیێ) ئەوەمان پیشان دەدەن، کە شاعیر نایەوێت بە دەقیقی ڕووداوەکانمان بۆ ئاشکرا بکات. لە دێڕێکی تردا دەڵێت:

ئەو دەمەی تێتە ئە ناز و جیلوە و عیشوە و نیگا

صەد هەزار وەك (مینە) شەیدا و لێوە و دێوانەیە

(جاف،١٩٩٠ : ٢٥٤)

دالی (ئەوە دەمەی) مەدلولێکی ناڕوونمان پێشکەش دەکات سەبارەت بە دەستنیشان کردنی کاتەکە، چونکە نازانین ئەو دەمە کەیە، کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوو دەدات و دڵبەر دێتە ناز و جلیوە و عیشوە و نیگا. واتا ناتوانین ساتەکانی ئەو دەمە بە پێی پێوانەکانی کات، کە ئایە کاتژمێری چەند؟ یان شەوە ؟ ڕۆژە؟ نیوەڕۆیە؟ عەسرە؟ دیاری بکەین، مەدلولی (ئەو دەمەی) خۆی بۆخۆی ئاشکراکردنی دڵنیا نەبوونی شاعیرە لەوەی کەی دڵبەر دێتە ناز و نیگاکردن.

**٨/ کاتی بەردەوامیی:**

کات خۆی لە خۆیدا بەردەوامی تێدایە و ناوەستێت، هەندێک جار شاعیر ئەم تایبەتمەندییەی کات لە شیعردا بەرجەستە دەکات و ڕووداوەکان بە شێوازێک ئەخوڵقێنێت، کە وەستانیان نییە و لە جوڵە و خولانەوەیەکی بەردەوامدان. شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

چاوەڕوانی ڕێگەتە (مینە) بە دائیم ڕۆژ و شەو

مەڵهەمی دڵیە کزەی سوبح و ئێوارە ئەی سەبا

(جاف،١٩٩٠ : ٢٤٨)

(ڕۆژ و شەو) دوو کاتی جیاوازن و دژیەکن، هەڵبەت خۆی (شەو و ڕۆژ) باوترە و شاعیر هەڵیگەڕاندووەتەوە. ڕۆژ و شەو بەهۆی پەیوەندی تەکنشینی و دانەپاڵی ئاوەڵکاری کاتیی (دائیم)ەوە مەدلولی بەردەوامی لە چاوەڕوانیدا وەرگرتووە، دواتر لە نیوەدێری دووەمدا (سوبح و ئێوارە) دیسان دژیەکن و بەردەوامییەکی هەمیشەیی بە چاوەڕوانییەکانی شاعیر دەبەخشێت لەسەر ڕێگای دڵبەر. لە دێڕێکی تردا شاعیر ئاوەڵکاری کاتیی (هەموو ساڵێ)ی بەکار هێناوە و دەڵێت:

بۆ هەموو ساڵێ بە دڵی غەمگین

بە ئاوی چاو و فرمێسکی خوێنین

(جاف،١٩٩٠ : ٩٦)

هەموو ساڵێ، دالێکە مەدلولی بەردەوامی لە خۆیدا هەڵگرتووە، ئاماژەیە بۆ دووبارەبوونەوەی غەمگینی و گریان و شین لە تەواوی ساڵە یەک لەدوای یەکەکاندا. بەو شێوازە شاعیر کاتی بە شێوازێک بەکار هێناوە، کە پچڕانی تێدا نییە و بەردەوامە، بەو مانایەی بە بەردەوامی دڵی پڕ غەم فرمێسک لە چاوی شاعیر دێنێت، ئەو گریانە بەردەوامەش فرمێسکەکانی کردووە بە خوێن.

**٩/ کاتی درێژکراوە:**

کاتی درێژکراوە، کاتێکە کە شاعیر بە ئاسانی بەسەر کاتەکاندا ڕاگوزەر ناکات، بەڵکوو لەسەر کات دەوەستێت و کاتێکی دیاریکراو بەهۆی پێشکەشکردنی ڕووداوەکانی ناویەوە درێژتر لەوەی، کە هەیە پیشان دەدات. لە کاتی درێژکراودا نەک هەر کاتی ماوە فراوان، بەڵکوو بایەخ بە کاتی ماوە کورتیش دەدرێت و باس دەکرێت و شاعیر دەیخاتە بەر ئەمری جوڵە و ڕووداوی گەورە. شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

شەوی هیجرانە دیارە ڕۆژ لە من نابێتەوە ئەم شەو
یەکایەك زامەکانی دڵ بە خوێن ئەکولێتەوە ئەمشەو
(جاف،١٩٩٠ : ٢٦١-٢٦٢)

(شەوی هیجران) ئاماژەیە بۆ (لێکدابڕان)ی نێوانی عاشق (شاعیر) و مەعشوق (دڵبەر)، بەڵام هەموو شەوێک لە ڕاستیدا کاتەکەی دیاریکراوە و لە کاتێکدا کۆتایی دێت و ڕۆژ دەبێتەوە، کەچی لێرەدا شاعیر کاتی شەوەکەی درێژ کردووەتەوە و دەڵێت دیارە ڕۆژ نابێتەوە، چونکە لە بارێکی ناخۆشدایە و کاتەکە لە دەروونیدا درێژ بووەتەوە، ئەوەش بێگومان بەهۆی تەنیایی و ئەو ترسەوەیە، کە بەرئەنجامی تەنیایی دەروونی مرۆڤ دەتەنێ. شاعیر لە دەقێکی تردا دەڵێت:

ئێستە چون نەگبەت ڕووی کردووە تێمان
بەدبەختی گرتی وڵات و جێمـان
لـە فیکـر نایە ئـەڵێن زوسانە
دایـم وەیشومە و بەور و بـارانە
(جاف،١٩٩٠ : ٤٨)

لەم دوو دێڕەدا دوو کات ئاماژەی پێ کراوە لە دێڕی یەکەم (ئێستە) و لە دێڕی دووەم (زوسان). لێرەدا دەبینین (ئێستا) جیاوازە لە ڕابردوو، لەبەر بوونی ئەو نەگبەتییەی ڕووی لە وڵات کردووە. لەڕووی دەروونییەوە کاتی ناخۆشی و خەم و خەفەت درەنگ تێدەپەڕێت. ئەو فشارە دەروونییە لەسەر شاعیر وای کردوو، کە وەرزی (زستان) کاتەکەی درێژتر بێتەوە، چونکە لە بنەڕەتدا هەموو وەرزێکی ساڵ کاتێکی دیاریکراوی هەیە و کۆتایی دێت، بەڵام لێرەدا شاعیر دەڵێت: لە فیکر نایە زوسانە، بەو مانایەی زستان زۆر درێژتر بووەتەوە، کە بێگومان ئەوەش لە دەروونی شاعیردایە، هەمیش لەبەرئەوەی دوای زستان بەهار دێت، کە وەرزی نوێبوونەوە و گوڵ و گوڵزار و کەیف و شادییە، بۆیە زۆرتر چاوەڕوانی دەکرێت. هەموو ئەو نیشانە واتایانە وایان کردووە، زستان کاتەکەی درێژتر لە کاتی ئاسایی خۆی دەربکەوێت.

**١٠/ کاتی کورتکراوە:**

کاتی کورتکراوە، کاتێکە لەوە درێژترە، کە شاعیر لە وێنە هونەرییەکەدا پیشانی داوە. لە کاتی کورتکراوەدا شاعیر بە خێرایی بەسەر کاتدا دەڕوات، یان کاتێکی درێژ چڕ دەکاتەوە و نمونەیەک لە کاتە درێژەکە وەر دەگرێت، ئەمەش بۆ بایەخپێدانێکی زیاتر بە کات دەیکات، چونکە لە کاتێکی بەرفراواندا فۆکس دەخاتە سەر بەشێکی کەمی، واتا وەرگرتنی بەشێکی کەمە لە گشتێک. شاعیر لە دێڕێکدا دەڵێت:

نیشانەی زەلزەلەی مەحشەر سەعاتێکە لە دونیادا
کە ئەو نازدارە ڕووبەندی ڕووەو مەشریق لە ڕوولادا
(جاف،١٩٩٠ : ٣٠٦)

لێرەدا شاعیر (سەعاتێک)ی بەکارهێناوە و کردوویەتی بە نیشانە بۆ پیشاندانی (ڕۆژی مەحشەر) هەروەک دەزانین مەحشەر کاتێکە زۆر دوورو درێژە، بەڵام شاعیر کورتکردنەوەی کاتی ئەنجام داوە و لە یەک سەعاتدا چڕی کردووەتەوە. هەموو ئەوەش لەو کاتەدا ڕوو دەدات، کە یار ڕووی لە خۆر بکات و ڕووبەندەکەی لا بدات.

لە بیست و چواری مانگی قوربانا
لە سەعات حەوتی پاش بەریەیانا
بەخشی لە خەزنەی بەخشینی خودا
بە یاری بەختی بەرزەوە هیوا
باوکی هاتە لام دەم بە پێکەنین
مێژوویی بۆ دانێم زۆر جوان و شیرین
(جاف،١٩٩٠ : ١٥٥)

لەو دەقەی سەرەوەدا و بەتایبەتی لە دێڕی یەکەمدا گرنگییەکی زۆر بە کات دراوە و شاعیر مەبەستی بووە بە دەقیقی لەسەر کات بووەستێت و کاتژمێرێک لە کاتژمێرەکانی ڕۆژێکی دیاریکراوی مانگێکی دیاریکراو پیشانمان بدات. لە دەقەکەدا شاعیر زوومی لەسەر کاتژمێرێکی دیاریکراوە، بەڵام جەندین جوڵە و ڕووداوی جیاواز پیشان دەدات، وەکوو ئەوەی کات لەو کاتژمێرەدا چڕ و کورت کرابێتەوە بۆ پیشاندانی هەموو ڕووداوەکان. هەموو ئەوانەش بێگومان ئاماژەیەکی ڕوونن بۆ کورتکردنەوەی کات.

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیدا، گەیشتووین بەم ئەنجامانەی لای خوارەوە:

١/ سیمۆلۆژیا، وەکوو بابەتێک مێژوویێکی دێرینی هەیە، زۆربەی شارەزایانی بواری زمانەوانی و فەلسەفە لە سەدەکانی پێشوودا بە شێوەی پچڕپچڕ باسی زمان و واتایان کردووە، هەر ئەوانەش بوون بە بناغە بۆ سەرهەڵدانی سیمۆلۆژیا. هەر بۆیە سیمۆلۆژیا وەکوو زانستێك لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لە سەر دەستی (سوسێر) لە بواری زماندا و (پێرس) لە بواری لۆژیکدا ڕەگ و ڕیشەی خۆی داکوتا و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا بە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا بڵاو بوویەوە.

٢/ زانستی سیمۆلۆژیا لە سەردەمی ئێستادا بووە بە میتۆدێکی گرنگی لێکدانەوەی دەقی ئەدەبی.

٣/ کات بەشێکی دانەبڕاوی دەق ئەدەبییە و لە شیعرەکانی (مینە جاف)دا، پێگەیەکی گرنگی هەیە و بووە بە گەلێک نیشانەی جیاواز بە دەستی تونێژەرەوە بۆ بەدەستهێنانی واتای شاراوەی دەقەکانی.

٤/ شاعیر جۆرە جیاوازەکانی کاتی وەکوو (ئاسایی(بەیانی، نیوەڕۆ، ئێوارە، عەسر، شەو، ڕۆژ، ساڵ، وەرز، مانگ، هەفتە، سەعات ..هتد) ڕابردوو، ئێستا، داهاتوو، ئەندێشەیی، دەروونی، نارۆونی، بەردەوامی، درێژکراوە، کورتکراوە)ی بەکار هێناوە و بەزۆریش نیشانەیەکن بۆ بەدەستهێنانی واتای قوڵی دەقە شیعرییەکانی شاعیر.

## سەرچاوەکان:


**_ قورئانی پیرۆز**

1/ ئەسوەد، نەوزاد ئەحمەد، (٢٠٠١)، بیری ڕەخنەیی هاوچەرخ (کۆمەڵێك وتاری وەرگێڕدراو)، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر.

2/ عەلی، دڵشاد، (١٩٩٨)، بنیاتی هەڵبەست لە هۆنراوەی کوردیدا، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی.

3/ جاف، مینە (١٩٩٠) دیوانی مینە جاف. کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: مستەفا نەریمان، چاپخانەی جاحظ، بغداد.

4/ مستەفا، نەزیرە سابیر (٢٠٢١)، پراگماتیک و شێوازگەری، چاپخانەی ئاوێر، سلێمانی.

5/ ڕەئوف، لوقمان (٢٠١٢)، ڕەهەندەکانی شوێنکات لە دەقە واڵاکانی شێرکۆ بێکەسدا، چاپخانەی کەمال، سلێمانی.

6/ ڕەئوف، د. لوقمان (٢٠١٦)، دەقی شیعری کوردی لەڕوانگەی سیمیۆلۆژییەوە (١٩٥٠-١٩٧٥) کرمانجی خواروو، دەزگای ئایدیا، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی.

7/ نەجمەددین ئەڵوەنی، نەجم خالد (٢٠٠٤)، بیناى کات لە سێ نموونەی ڕۆمانی کوردیدا، ژانی گەل، شار، ڕاز)، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی.

8/ ابراهيم، زكريا، (1990)، المشكلات الفلسفية، مشكلة الإنسان أو أضواء على البنيوية، دار مصر للطباعة، سعيد جودة السحار وشركاه، جمهورية مصر العربية.

9/ ابراهيم، زكريا، (1990)، المشكلات الفلسفية، مشكلة البنية أو أضواء على البنيوية، دار مصر للطباعة، سعيد جودة السحار وشركاه، جمهورية مصر العربية.

10/ ابن منظور، جمال الدين ابو الفضل, (نبيه)، لسان العرب، دائرة المعارف المصرية،كورنيش النيل، القاهرة، جمهورية مصر العربية.

11/ الأحمر، فيصل، (٢٠١٠)، معجم السيميائيات، منشورات الاختلاف، الطبعهة الاولى، الجزائر العاصمة" الجزائر.

12/ بنگراد، سعد، (٢٠١٢)، السيميائيات مفاهيمها و تطبيقاتها، دار الحوار للنشر والتوزيع، الطبعة الثالثة، اللاذقية، سوريا.

13/ بن مالك، رشيد، (٢٠٠٠)، مقدمة في السيميائية السردية، مكتبة الأدب المغربي، دار القصبة للنشر، الجزائر.

14/ تشاندلر. دانيال، (٢٠٠٨)، أسس السيميائية، ترجمة: د. طلال وهبه، بدعم من مؤسسة محمد بن راشد آل مكتوم، توزيع مؤسسة دراسات الوحدة العربية، مراجعة: ميشال زكريا، الطبعة الاولى، بيروت، لبنان.

15/ تليمه، عبدالمنعم، (١٩٩٧)، مقدمة في نظرية الأدب, الهيئة العامة لقصور الثقافية , كتابات نقدية شهرية (٦٧), الأمل للطباعة والنشر.

16/ حسام الدين، كريم زكي، (٢٠٠٢)، الزمان الدلالي، دار غريب للطباعة والنشر والتوزيع، القاهرة ، جمهورية مصر العربية.

17/ حمداوي، جميل، (٢٠٢٠)، السيمولوجيا بين النظرية والتطبيق، الطبعة الثانية، دار الريف للطبع والنشر الالكتروني، الناظور. تطوان, المملكة المغربية.

18/ خرما، نايف، (١٩٧٨)، أضواء على دراسات اللغوية المعاصرة،علم المعرفة (٩)، سلسلة كتب ثقافية شهرية يصدرها المجلس الوطني للثقافة والفنون. الكويت.

19/ سلدن، رامان، (١٩٩٨)، النظرية الأدبية المعاصرة, ترجمة: جابر عصفور ، دار قباء للطباعة والنشر والتوزيع (القاهرة)، جمهورية مصر العربية.

20/ سوسير،فردناند دى، (١٩٨٧)، محاضرات في علم اللسان العام، ترجمة : عبدالقادر قنيني، مراجعة : احمد حبيبي، مكتبة افريقا الشرق, دار البيضاء، المغرب.

21/ عياشي: منذر, (٢٠٠٤), العلاماتية و علم النص, اعداد و ترجمة: منذر عياشي، الطبعة الأولى، مركز الثقافي العربي، الدر البيضاء، المغرب.

22/ قاسم، سيزا، (٢٠٠٤)، بناء الرواية(دراسة مقارنة)، مهرجان القراءة للجميع، مكتبه الأسرة، برعايه السيدة : سوزان مبارك، سلسلة إبداع المرأة.

23/ القصراوي، مها حسن، (٢٠٠٤)، الزمن في الرواية العربية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر، دار الفارس للنشر والتوزيع، الأردن.

24/ كامل، عصام خلف، (٢٠٠٣)، الاتجاه السيمولوجي و نقد الشعر، دار فرحة للنشر والتوزيع، شارع عدنان المالكي ، مينا، و عمارات العرائس، شارع سودان.

25/ لوتمان، يورى، (١٩٩٥)، تحليل النص الشعر. بنية القصيدة، ترجمة و تقديم و تعليق : الدكتور محمد فتوح احمد، مطابع دار المعارف، جمهورية مصر العربية.

26/ المرابط، عبدالواحد، (٢٠١٠) ، السيمياء العامة والسيمياء الأدب، منشورات الاختلاف، بيروت،لبنان.

27/ مطهري، صفية، (٢٠٠٣) ، الدلالة الإيحائيةفي الصيغة الإفرادية، منشورات كتى العرب، دمشق، سوريا.

28/ الخضور، د. جمال الدين (٢٠٠٠)، قمصان الزمن فضاءات حراك الزمن في النص الشعرى العربي، الاتحاد الكتاب العرب، دمشق.

29\ Barry, Peter, (2009), Beginning Theory, An Introduction to Literary and Cultural Theory,3rd Edition manchester University press.

30/ Хализев, Валентин (2004). Теория литературы. учебник. – 5-е изд. испр. и доп. – Москва. Высш. Шк.

31/ Халипов, В.В (2018). Семиотическая модель мировог литературного процесса. Белорусского государственного университета. Белорусс.

32/ Барт, Ролан(1989). Избранные работы: Семиотика. Поэтика: Пер. с фр. / под ред. Г. К. Косикова. Москва. Прогресс.

33/ جاف، حسن(٢٠١٥)، هەڵوێستی نیشتیمانی و نەتەوایەتی مینە جاف لە سۆنگەی شیعرەکانیەوە، گۆڤاری رامان، ژمارە (٢١٨).

34/ ڕەئوف، لقمان ،(٢٠١٧)، سیمۆلۆژیای کات لە دەقی شیعری کوردیدا، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان، ژمارە (٤)، هەرێمی کوردستانی عێراق.

گۆڤار و ڕۆژنامە عەرەبییەکان:

35/ رشيد، أمينه، (١٩٨١)، السيموطيقا مفاهيم و أبعاد، مجلهة الفصول لنقد والأدب، تصدر كل ثلاثة أشهر، المجلد الأول، العدد الثالث، الهيئة المصرية العامة للكتاب، شارع كورنيش النيل، القاهرة، مصر.

36/ حسين، عطا رشید (٢٠١٢)، بنیاتی دەق لە درامای کوردیدا ١٩٧٠ – ١٩٩١ (ڕاپەڕین)، تێزی دکتۆرا، فاکەڵتی پەروەردە/ کەلار، زانکۆی سلێمانی.

37/ خدر، ڕێزان ڕەحمان (٢٠٠٧)، تەکنیکی گێڕانەوە لە ڕۆمانەکانی (عەبدوڵڵا سەڕاج)دا، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

38/ ماضي، إسراء حمد مرزوق،(٢٠١٧)،سيمائية السرد في روايات نجيب الكيلاني (دراسة تحليلية)، رسالة ماجستير،جامعة الاقصى، كلية الآداب، قسم اللغة العربية.

39/ https://dspace.univ-ouargla.dz/jspui/bitstream/123456789/2916/1/weddani_boudawed.pdf

40/ https://www.asjp.cerist.dz/en/downArticle/359/7/1/25254